كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلكترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
3-6-2007 20:06 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئەو پێنووسە ملی شۆڕە كەبەرگری لەنەوشیروان دەكات.. وەڵامێك بۆ ستار كوڵەجۆیی ... ئاراس

ئای كاك ستار كوڵە جۆیی چەند دڵم پێت سووتا كەبەو ڕەوتە پڕ حەماسەتەوە بەرگریت لە نەوشیروان مستەفا ئەمین كردبوو.. پاش خوێندنەوەی بابەتەكەت تەواو دڵنیا بووم كەتۆ هێشتا وەكو خۆی 5% ی ڕاستییەكان دەربارەی نەوشیروان نازانی.. من لەكۆتاییەوە وەڵامت دەدەمەوە بەوەی ئەگەر نەوشیروان ئەو سەركردە مەزنە پاك و جوامێرە بوایە وەك خۆت باسی لێوەدەكەیت ئەبوو دوای دەست لەكاركێشانەوەیی و ئاشبەتاڵەكەی ئەم دوواییەیی هەر هیچ نەبوایە پەنجا كەس لەسلێمانی و دەوروبەری وەك وەفایەك بۆ ئەم سەركردەیە (بەوەسفی جەنابتان) بڕژانایە سەر شەقامەكان و بەدرۆش بوایە دروشم و ووتاری نارەزاییان بوتایەوە.. وەك ئەوەی ساڵی 1967 لەمیسر لەگەڵ جمال عبدالناسر ڕوویدا كاتی دەستی لەكار كێشایەوە لەیەك ڕۆژدا ملیۆنەها هاوڵاتی ڕژانە سەرشەقامەكان و ناچاریان كرد بگەڕێتەوە بۆ پۆستەكەی، كاتێكیش لە ئەیلولی 1970 دا مرد چوار ملیۆن مرۆڤ لەدوای تەرمەكەیەوە دەرۆشتن و دەگریان.. دیارە گومان لەوەدا نیە كەنەوشیروان چۆن لەژیانیدا جەماوەر خەمخۆر و پشتیوانی نەبوون لەمردنیشیدا لەژیانی باشتر نابێت، هۆكارەكەش بەكوورتی و بەكوردی و بەپوختی دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو و كەسایەتی خودی نەوشیروان، دوو مرۆڤ لەهەموو كوردستاندا ناكۆك نین لەسەر ئەوەی كەنەوشیروان پاڵەوانی بی مونافیسی شەڕی كورد بەكورد كووشتنە.. ڕاستیەكی حاشا هەڵنەگرە كەژمارەی ئەو كوردانەی لەژێر ناونیشانی جۆراوجۆردا و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەهۆی سیاسەتی پاكتاوكردنی نەوشیروانەوە كوژراون سەد ئەوەندەی ژمارەی ئەو عەرەب و بەعسیانەیە كە كوژراون، زۆر سەیرە ئەم نەوشیروانە هەمیشە تامەزرۆی موئامەرە و تەسفیەكردنی جەستەیی نەیارانێتی و كەمن ئەوانەی نەكەوتبێتنە بەر تیغی ڕەخنە و ووشە زبرەكانیەوە، ئەگەر كەسێكیش بەئاشكرا لەڕوویا وەستابی بەجۆرێك لەجۆرەكان پریشكی تۆڵەی نەوشیروان سووتانوویەتی، ئیستاش ئەم بزووتنەوەی ڕیفۆرم و دواتر كۆمپانیایی ووشەیەیی ئەگەر دژ عەرەب و تورك و عەجەم بوایە هەرگیز خۆی لەقەرەی نەدەدا، بەڵام چونكە ئەم پرۆسەیەیی بۆ خۆشكردنی ئاگری دووبەرەكی و ململانێی نێوان بەرەكانی یەكێتی و دواتر پارتە كوردیەكانی ترە بزانە چۆن نەوشیروان بە تەوس و شەوقەوە خۆی بۆ ساز و ئامادە كردووە.. نەوشیروان مستەفا كەلەدەسەڵاتیشدا بووە و كەسی دووەمی ناو یەكێتی بووە هەرگیز تێكەڵی چین و توێژە جیاوەزەكانی جەماوەر نەبووە.. تەنانەت هاوڕێ و هاوەڵەكانیشی وەكو پێویست نەیانبینیوە.. خاوەنی ئاینێكی تایبەتییە لەگفتوگۆ و مامەڵەكردن، ڕەخنەگرتن لێی بەهیچ جۆرێك لەجۆرەكان قبوڵ نیەو هەمیشە حەز بەوە دەكات ڕەئی خۆی فەرز بكات و خەڵكی تەنها گوێی لی بگرن.. لێی بترسن وەك لەوەی ڕێزی لی بگرن.. بۆیە ئەگەر تاكو ئەم قۆناغەی یەكێتی و ئەم تەمەنەی نەیتوانیبی شتی بكا بەشتی و جەماوەرێتی بۆ خۆی پەیدا بكات، هەرگیزاو هەرگیز لەئایندەدا كەس باسی ناكات و ڕووی تی ناكات و متمانەی پی ناكات.. ئیلاهوما چەند كەسێكی وەك ستار كوڵەجۆیی نەبێت كە لە تێرییەوە و لەكەنداوە و بەدەم شەراب خواردنەوە دوو قسەی زل و بریسكەداری بۆ بنووسن و بەسەری بكەنەوە كەئەم جۆرە بۆچوونانەش هێندە بی كێشن نە ئیستاو نەئایندە هیچ لەواقعی سەرزەوی پەراوێزكراوی و لاوازی كاك نەوشیروان ناگۆڕێت.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.